# دەسنوێژگرتن
# بە ئاوی
# عیشق و یاسەمین



نزار قەببانی
وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی



1

ئەمجارەیان لە دیمەشقەوە دێمە گۆ

لە ماڵەکەی جارانی دایک و باوکمەوە

لە شام.. جوگرافیای جەستەم ئەگۆڕێ

خڕۆکەی سوورم سەوز ئەبێ

ئەلفوبێکەشم سەوز ئەبێ

لە شام..

زمانێ تر لە دەمما ئەڕوێ

دەنگێکی تر لەناو دەنگما پەیدا ئەبێ

پەنجەکانم.. ئەبنە عەشیرەتێ پەنجە.

2

ئەگەڕێمەوە بۆ دیمەشق

بەسواری ئەسپی هەورەوە

بەسواری جوانترین دوو ئەسپی ئەم دنیایەوە

ئەسپی عیشق و

ئەسپی شیعر

دوای شەست ساڵ ئەگەڕێمەوە

تا بەدوای پەتی وێڵاشی خۆما بگەڕێم

بەدوای ئەو پیاوەی خەتەنەی کردم

بەدوای ئەو ژنە مامانەدا

که فڕێی دامە ناو تەشتێکی ژێر سیسەمەکەوە و
لیرەیەکی ئاڵتوونی لە باوکم وەرگرت
پاشانیش ماڵمانی جێهێشت.
ڕۆژێ بوو لە ڕۆژەکانی
مانگی ئازاری 1923
دەستەکانیشی بە خوێنی
قەسیدە خوێناوی بووبوون



3

لەلای »بابولبەرید«ەوە

دە تەن نامەی خۆشەویستیم هەڵگرتووە

لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا ناردبوومن

بەڵام نامەیەکیان چییە

بەدەستی یار نەگەیشتووە

یاخود سانسۆر

دڕیوییە و کوتی کردووە

لەبەرئەوە بڕیارمدا

نامەکانم بکەمە کۆڵ



بەڵکو ئەو کچەی ئەوساکە خۆشمویستووە
ئەو کچەی پێش پانزە سەدە
قوتابیی ئامادەیی بووە
لە تاقیکردنەوەکانیا هەر دەرنەچێ و
هاوخەمی لەیلای عامری و
مریەمی مەجدەلی و
ڕابیعەی عەدەوی و
هەموو ئەو کچانەی تر بێ
کە لە جیهانی سێیەمدا
ئەشکەنجە و ئازار ئەچێژن
یاخود بەڵکو
ئەو ڕەقیبەی نامەکانمی سانسۆر ئەکرد
ڕاژەیان گواستبێتەوە
بۆ فەرمانگەی تۆمارکردنی ئوتومبێل
یان خستبێتیانە خوێندگەی
نەهێشتنی نەخوێندەواری
یان ئەو کچەی هێنابێ
کە ئەشێ بەناوی منەوە
نامەکانی بۆ خوێندبێتەوە و
ئیمزای منی هەڵگرتبێ
جورئەتی شیعرەکانیشمی
بۆ خۆی بردبێ



4

ئەگەڕێمەوە بۆ ناو ئەو منداڵدانەی
تیا دروستبووم
ئەگەڕێمەوە لای ئەو یەکەمین ژنەی
لەسەر دەستی ئەو
جوگرافیای عیشق فێربووم
جوگرافیای ژنان فێربووم
ئەگەڕێمەوە..
دوای ئەوەی هەرچی ئەندامی جەستەم هەیە
بە کیشوەرەکانی دنیادا
بڵاوبوونەوە و پەرشبوون
کۆکەکانم بە ئوتێلەکانی دنیادا
بڵاوبوونەوە و پەرشبوون
دوای ئەو چەرچەفانەی دایکم
کە بۆنی سابوونی ڕەقیان لێ ئەهات
من پێخەفێکم دەستنەکەوت
تا لەسەری
خەو لە چاوانم بکەوێ
دوای ئەو «بووکەڵەی زەیت و زەعتەر»ەی
کە خۆی بۆی ئەپێچامەوە
هیچ بووکێکی تری ئەم دنیایەم بەدڵ نەبوو
دوای ئەو مرەبای بەهێیەی
بەدەستی خۆی بۆی ئەکردم
چیتر حەزم لە نانی بەیانی نەبوو
دوای ئەو شەربەتی تووەی خۆی بۆی ئەگرتم
ڕۆحم چیتر
بە هیچ بادەیەک مەستنەبوو





5

ئەچمە حەوشەی «مزگەوتی ئەمەوی»یەوە
چیی تیایە سڵاوی لێ ئەکەم
بەرد بە بەرد و
کۆتر بە کۆتری
لە باخەکانی خەتی کووفیدا پیاسە ئەکەم
گوڵە جوانەکانی کەلامی خوا ئەچنمەوە
بە چاوانم گوێ بۆ دەنگی
نەخشە وردەکان شل ئەکەم
بۆ مۆسیقای حەوزی ئەقیق
حاڵەتێ لە نەشئە و وەجد و لە تەجەللا
ئەمگرێ و ئەمبا
بە پلیکانەی یەکەم منارەداسەرئەکەوم
بانگ ئەدەم:
«سڵاو لە یاسەمین
سڵاو لە یاسەمین»

6

من وا دێمەوە بۆ لاتان

تەڕ تەڕ بە لێزمەبارانی میهرەبانی

وا دێمەوە.. تا گیرفانەکانم پڕ کەم

وا دێمەوە.. بۆ لای گوێچکەماسییەکان

وا دێمەوە.. لای پێخەفی لەدایکبوونم

نە فوارەکانی»ڤیرسای»

جێی»قاوەخانەی نەوفەرە»ی گرتەوە لام

نە بازاڕی»هال»ی پاریس

جێی»بازاڕی هەینی»ی گرتەوە لام

نە کۆشکی»باکینگهام»ی لەندەن

جێی»قەسرولعەزم»ی گرتەوە

نە کۆترەکانی مەیدانی»سان مارکۆ»

لە ڤینیسیا

بەرەکەتیان زیاتر بوو لە کۆترەکانی

مزگەوتی ئەمەوی و

نە گۆڕەکەی «ناپۆلیۆن» لە ئەنڤالید

بەشکۆتر بوو لە گۆڕەکەی

سەلاحەددینی ئەییوبی

ڕەنگە کەسانێ

ئەو تۆمەتەم بخەنە پاڵ

کە خەریکم

مەلە لە حەوزی ڕۆمانسیەتا ئەکەمەوە



شیعر

من ئەو تۆمەتە ڕەتناکەمەوە
وەک چۆن ماسی ئاوی ئیقلیمیی خۆی هەیە
شیعریش هەروەکو ماسی
ئاوی ئیقلیمیی خۆی هەیە
منیش وەک هەر ماسییەکی تر
کە خەریکی نووسینی شیعرە
نامەوێ لە ئاوێکی ترا
نوقم ببم و بخنکێم





7

له کۆڵانه تەنگەبەرەکانی دیمەشقدا پیاسە ئەکەم
چاوە هەنگوینییەکانی ئەودیوی پەنجەرەکان
بێدار ئەبنەوە و سڵاوم لێ ئەکەن
ئەستێرەکان.. بازنه زێڕەکانیان لەدەست ئەکەن
کۆترەکان.. له بورجەکانیانەوە دێنه خوارێ و
سڵاوم لێ ئەکەن
ئەو پشیله شامییه پاکوتەمیزانەی
لەگەڵ ئێمه لەدایکبوون
لەگەڵ ئێمەدا باڵقبوون
لەگەڵ ئێمەدا عاشقبوون
دێن و سڵاوم لێ ئەکەن
وەکو هەر ئافرەتێکی تر
کەمێ ماکیاژی کردووە
قاوەیەکی بۆنخۆشم بۆ دروست ئەکا
منداڵەکانی و زاواکانی و نەوەکانیم
پێ ئەناسێنێ
پێم ئەڵێ کوڕە گەورەکەی
ئەمساڵ کۆلیجی پزیشکیی
زانکۆی دیمەشق تەواو ئەکا
کچه هەره بچووکەکەشی
شووی به میرێکی عەرەب کردووە
لەگەڵیا بۆ خەلیج چووە..
فرمێسکێ له چاومدا قەتیس ئەبێ و
مۆڵەتی لێ ئەخوازم و بەجێیدێڵم
له شەجەرەی خێزانەکە و
پاشەڕۆژی نەوەکانی
من دڵنیام.

8

ئەچمە ناو بازاڕی»بزورییە»ەوە
بەناو هەوری بەهاراتا مەلە ئەکەم
هەوری مێخەک
هیی دارچینی و
ڕازیانە
چەندان جاریش
ئەچمە ناو ئاوی عیشقەوە..
کاتێکیش ئەچمە بازاڕی عەتتارەکان
هەموو جۆرە بۆنەکانی
«نینا ڕیچی» و «کۆکۆ شانێل» م
بیر ئەچێتەوە
دیمەشق چی لە من ئەکا؟
چۆن ڕۆشنبیری و چەشەی جوانیی من ئەگۆڕێ؟!
زرنگانەوەی جامەکانی»ئاوی بەلەک» و
کۆنسێرتی پیانۆکەی ڕەحمانینۆڤم
لەبیر ئەباتەوە
باخچەکانی شام چۆن ئەمگۆڕن؟
ئەبم بە یەکەمین ژەنیار
کە ئۆرکێسترای شۆڕەبی
ڕابەری بکا!!





9

له مێژووی گوڵەباخی دیمەشقییەوە
هاتوومەتەوە بۆ لاتان
ئەو گوڵانەی
چڕکراوەی مێژووی عەترن
له یادەوەرییەکانی «موتەنەببی»یەوە
هاتوومەتەوە بۆ لاتان
کە چڕکراوەی مێژووی شیعرن
به گوڵی دالیا و
نێرگزی نەرمونیانەوە
هاتوومەتەوە بۆ لاتان
کە یەکەمجار ئەوان فێری ڕەسمیان کردم
له زەردەخەنەی ژنانی شامییەوە
هاتوومەتەوە بۆ لاتان
کە یەکەمجار ئەو فێری مۆسیقای کردم
فێری کەفوکوڵی سەرەتای لاوێتیی کردم
له پلوسکەکانی گەڕەکەکەی خۆمانەوە
کە بۆ یەکەمجار فێری گریانیان کردم
له بەرماڵەکەی دایکمەوە
کە بۆ یەکەمجار
ڕێگای یەزدانی فێر کردم.



10

یەکە یەکە

چەکمەجەکانی یادی خۆم ئەکەمەوە

باوکمم بەبیردێتەوە

لە کارگەکەی خۆیا لە کۆڵانی»معاویە»

وەکو گەواڵە عەترێکی ڤانیلیا

دێتەدەرێ

عەرەبەکانم دێتەوە یاد

فرۆشیارەکانی سوبێر

کە خەریکن دوای پێنجەمین قاپە عەرەق

ئەکەونە ناو ئاوی ڕوبارەکەوە

خاولییە ڕەنگاوڕەنگەکانم دێتەوە یاد

کە بەسەر دەرگای حەمامی»خەیاتەکان»ەوە

سەما ئەکەن

وەکو ئەوەی

بەبۆنەی ڕۆژی نەتەوەیی خۆیانەوە

ئاهەنگ و جەژن بگێڕن

خانووە دیمەشقییەکانم دێتەوە یاد

بە دەسکی مسینییانەوە

بە ساپیتەی ڕازاوە بە نەخشی «قەیشانی»یەوە و

حەوشەکانی ناویانەوە

بەهەشتت بیر ئەخەنەوە.

11

خانووی دیمەشقی

بەدەرە لە هونەری تەلارسازی

ئەندازەی خانووەکانی ئێمە

لەسەر بناغەی عاتیفە ڕۆنراوە

هەموو ماڵێ پاڵی داوە بە ماڵەکەی تەنیشتییەوە

باڵکۆنەکان

دەست بۆ باڵکۆنەکانی بەرامبەر درێژ ئەکەن

ماڵە دیمەشقییەکان هەموو ئەڤیندارن

هەموو شەوێ بەدزییەوە

سەردانی یەکتری ئەکەن.

12

بەر لە سی ساڵ

ئەو دەمەی لە ئینگلتەرە سیاسی بووم

لەگەڵ هەموو نامەیەکا

دایکم»تەرخوون»ی ئەنارد بۆم

ئینگلیزەکان

کە گومانیان لەو نامانە لا دروست بوو

بردیان بۆ فەحسی تاقیگە

خستیانە ژێر لێزەرەوە

ناردیان بۆ «سکۆتلاندیارد»

کاتێ بێزار بوون لە خۆم و «تەرخوون»ەکەم

لێیان پرسیم: توو بی خوا پێمان بڵێ

ئەم گیا سیحرییەی کە ئاوا گێژی کردووین

شیعر



ناوی چییە؟
دووعایە؟
دەرمانە؟
یاخود جفرەی نهێنییە؟
هاوتای بە ئینگلیزی نییە؟
وتم: شەرحی ئاسان نییە
«تەرخوون» بۆ خۆی زمانێکە
هەربەتەنها باخچەکانی شام پێی ئەدوێن
گیای پیرۆزە لەلای ئێمە
ڕەوانبیێژیی بۆنخۆشمانە
گەر شاعیرە مەزنەکەتان»شەکسپیر»
بیزانییایە تەرخوون چییە
دەقەکانی جوانتر ئەبوون
زۆر بەکورتی..
دایکم ژنێکە میهرەبان
خۆشی ئەوێم
کاتێ دڵی لای من ئەبێ و بیرم ئەکا
چەپکێ «تەرخوون» ئەنێرێ بۆم
«تەرخوون» لای ئەو
هاوتای «خۆشەویستی»یە و
«لە دەورت گەڕێم»
کاتێ ئینگلیز
لەم ئیفادە شیعرییەم تێنەگەیشتن
تەرخوونەکەیان دامەوە و
مەحزەری لێکۆڵینەوەکەش
کۆتایی هات

13

من لەوپەڕی فەزاکانی ئازادی و
لەوپەڕی فەزاکانی شێتییەوە
دێمەوە لاتان
لەناو دڵما
شتێ لە خەمەکانی »ئەبو فیراسی حەمەدانی«و
لە چاویشما
چنگێ لە گرەکانی »دیکولجن«م پێیە
کێشەی گەورەی من ئەوەیە
شیعر لای من
بروسکەیەکە بێ ئاوەز
بوومەلەرزەیە
ڕەنگە هەڵەشە و سەرەڕۆ
سواری ئەسپی شیعر ببم
بەڵام زینم نەگۆڕیوە و
مەیتەریش نەبووم بە کرێ
یان شاعیرێ
شیعر بنووسێ بە کرێ
ڕاستە من زیاتر لە جارێ
لە پێشبڕکێدا براوە بووم
ڕاستە من زیاتر لە جارێ
مەدالیای زێڕم وەرگرتووە
ڕاستە کە میللەتی عەرەب
تاجەگوڵینەی پێ بەخشیوم



بەڵام هەمیشە کەسەرم
درێژ بووە
وەکو لاسکی گوڵەگەنم
هەزار جار قاچمیان شکاندووە
هەزار جار ملمیان شکاندووە
ملیۆنێ جار
بڕبڕاگەی پشتمیان شکاندووە
کە ئەمبینن بە جەستەیەکی ڕێکەوە
لەسەر مینبەرم و بەپێوەم
هیی ئەوەیە
لەسەر ئێسکی کبریائم ڕاوەستاوم



له»خانی ئەسعەد پاشا»وە

ئەبو خەلیلی قەببانی

بە جلوبەرگی»دامسکۆ»وە دێتە دەرێ

بەخۆی و عەمامەی سەری و

دوو چاوی پڕ پرسیارەوە

کە لە چاوی «هاملێت» ئەچن

ئەیەوێ نمایشێکی نوێ پێشکەش بکا

بەڵام داوای شانۆی بووکەڵەی لێ ئەکەن

ئەیەوێ دەقێکی شەکسپیر نمایشکا

ئەوان داوای «ئەلزیر سالم»ی لێ ئەکەن

ئەیەوێ تاقە دەنگێکی ژنانە پەیدابکا





«يا مال الشام يا شامي»
ئەوان فیشەک ئەخەنە بەر
تفەنگە عوسمانییەکانیان
تەقە لە هەموو دارگوڵێ ئەکەن
کە بیەوێ ستران بچڕێ..
ئەیەوێ هەر تاقە ژنێ پەیدا بکا
تا بەدوایدا بیڵێتەوە:
«يا طيرة طيري يا حمامة»..
خەنجەر لە کالانەکانیان دەرئەهێنن
هەرچی وەچەی کۆترەکانە سەریان ئەبڕن..
هەرچی وەچەی ئافرەتانە سەریان ئەبڕن..
لەپاش سەد ساڵ..
دیمەشق داوای لێبوردنی
لە»ئەبو خەلیلی قەببانی» کرد
شانۆیەکیان بەناوی ئەوەوە دروست کرد
گۆرانیی»یا مال الشام»یش
بوو بە سروودێکی فەرمی و
لە هەموو قوتابخانەکانی کچانی سوریادا
جێگیریان کرد.

15

جبەکەی »ئیبنو عەرەبی« لەبەرئەکەم
لەسەر لووتکەی شاخی قاسیۆن دێمە خوارێ
لەگەڵ خۆما
قۆخ و
هەنار و
شیرینیی کونجی
بۆ منالآنی شار ئەهێنم
بۆ ژنەکانیش
گەردانەی پیرۆزەیی و
شیعری ئەوین..
ئەچمە ناو توونێلێکی درێژی چۆلەکە و
گوڵە شەوبۆ و یاسەمینەوە
خۆم ئەکەم بەناو پرسیاری عەترا
جانتای قوتابخانەکەم و
سەفەرتاسییە مسەکەم لێ ون ئەبێ
لەگەڵ ئەو کووژەکە شینەی
دایکم ئەیکرد بە بەرۆکما..
ئەی ئەهلی شام
کێ لە ئێوە دۆزیمییەوە
بۆ »ئومولموعتەز«م بیاتەوە
خوا پاداشتی ئەداتەوە
ئەی ئەهلی شام

شیعر

چۆلەکە سەوزەکەی خۆتانم
کێ لە ئێوە دۆزیمییەوە
با دەنکە گەنمێکم باتێ
ئەی ئەهلی شام
من گوڵە دیمەشقییەکەی ئێوەم
کێ لە ئێوە دۆزیمییەوە
با بمخاتە گوڵدانەوە
ئەی ئەهلی شام
شاعیرە شێتەکەی خۆتانم
هەرکام لە ئێوە بینیمی
با وێنەیەکم بگرێ بۆ یادگاری
بەرلەوەی لەم شێتییە جوانە چاک بمەوە
ئەی ئەهلی شام
من مانگە وێڵەکەی ئێوەم
کێ لە ئێوە منی بینی
با ڕاخەر و
پەتۆیەکی خوریم وێدا
لەبەرئەوەی
چەند سەدەیە خەو لە چاوم نەکەوتووە.
ئەی ئەهلی شام
کێ لە ئێوە دۆزیمییەوە
بۆ »ئومولموعتەز»م بباتەوە
خوا پاداشتی ئەداتەوە
ئەی ئەهلی شام
چۆلەکە سەوزەکەی خۆتانم





کێ لە ئێوە دۆزیمییەوە
با دەنکە گەنمێکم باتێ
ئەی ئەهلی شام
من گوڵە دیمەشقییەکەی ئێوەم
کێ لە ئێوە دۆزیمییەوە
با بمخاتە گوڵدانەوە
ئەی ئەهلی شام
شاعیرە شێتەکەی خۆتانم
هەرکام لە ئێوە بینیمی
با وێنەیەکم بگرێ بۆ یادگاری
بەرلەوەی لەم شێتییە جوانە چاک بمەوە
ئەی ئەهلی شام
من مانگە وێڵەکەی ئێوەم
کێ لە ئێوە منی بینی
با ڕاخەر و
پەتۆیەکی خوریم وێدا
لەبەرئەوەی
چەند سەدەیە خەو لە چاوم نەکەوتووە.

-----------------------------

پەراوێز:

- بووکەڵەی زەت و زەعتەر: خواردنێکی میللیی شامە کە لە کولێرە بەقیمە دەچێت.
- «سڵاو لە یاسەمین...» حي علی الیاسمین.
- «ئاوی بەلەک» عرق السوس.